هاتوچۆی سلێمانی شۆفێرانی تاکسی ئاگاداردەکاتەوە

چۆی سلێمانی

ئەمڕۆ چوارشەممە ، بەشی مۆڵەتی شۆفێریی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سلێمانی ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە.

لە ئاگادارییەکەدا هاتووە، ”بەشی مۆڵەتی شۆفێری ئاگاداری ئەو شۆفێرانە دەکات کە سەردانیان دەکەن، بەمەبەستی راییکردنی مامەڵەی پەیوەست بۆ (مۆڵەتی شۆفێری تاکسیی – یەکەم جار و مامەڵەی ل□گ□ی تاکسی) تکایە لەئێستادا سەردانی بەشی مۆڵەتی شۆفێری ژووری ژمارە 48 لە هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی نەکەن، تاوەکو ئەوکاتەی لەڕێی پەیجی رەسمیی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە، ئاگاداردەکرێنەوە“.

دەشڵێت، راکێشانی فەرمی بایۆمەتری بۆ ل□گ□ی تاکسی کارا نییە و گۆڕانکاری لە سیستمەکەدا دەکرێت و تەواو نەبووە.